**دوو شێعر لە دوو شاعیری سوێدی. وەگێڕانی، ڕەحمان سۆفی**

**هەڵبە ستی تۆماس تڕانستڕۆمێر (Tomas Tranströmer)**

**پێشوتە**

ڕاپەڕین لە خەوندا بازدانی چەتربازێکە

ئازاد لە گێژ وخولی هەناسە بڕ

ڕێبوار نوقم دەبێ بەرەو مەڵبەنی بەیانێکی سەوز

شتگەل گڕیان لێهەڵدەستێ

ڕێبواری بە هەست تێدەگا،

کە هەڵوێستی لەرزۆکی چەکاوەک

لەهەمبەر نەزمی بەدەسەڵاتی ڕیشەی دارکاژ،

لە هەمبەر گڵۆپی چەرخانی ژێر زەوی، چۆنە

بەڵام لە سەر زەوی وێستاوە سەوزەڵانی

لە ژێر باڵی گەرمای گیان پڕوکێندا

گوێی داوەتە ئاهەنگی نادیاری پۆمپیک

مرۆڤ نوقم دەبێ بەرەو هاوین

سەرنج دەکشێ بۆ سەمای گڕکانی سەر سوڕهێنەر

بەرێگای سەوزە شێداری تەمەن دا،

لەرزۆک لە ژێر توربینی ڕۆژدا،

بەرگری دەکا لە کۆچێکی ئەستۆنی

لە پشودانێکدا، لە چاوتروکانێکدا،

ماسیخۆرە باڵەکانی ئامادە دەکا بۆ ڕاو

بە سەر ئاوی ڕەواند،

له سەرەتای سەردەمی بڕۆنس دا،

له دەنگی بێ ئاشتی دا،

له قوڵایی دەریای بێبن دا،

له دەستپێکی کاتی ڕۆژدا،

وەکوو چۆن بەدەست بەردێکی

گەرم بوو هەڵگرێ

به ئاگایی دەتوانی له دنیا تێبگەی

ڕێبوار له ژێر شۆڕەبی دا وێستاوه

بۆی هەیه دوای گوشار

پێش گێژاوەی مەرگ

ڕوناکییێکی مەزن به سەری دا بکرێتەوه ؟

ڕەحمان سۆفی/ سوێد

## شێعری کەنت اندرسۆن. Kent Andersson

# هەنگاوێک

دەبێ بتوانم ڕۆژێک بۆ خۆم بم
ئەودەم به بێ بیر، بیرم ئازاده
یەکەم هەنگاو هەڵدەگرم و
دەزانم که هەنگاوی خۆمه
دەمەوێ له ژووری خۆم دا،
له خەو هەستم و ڕابمه سەرپێم
له سەر زەوی چرکەیەک ڕاوێستم
له خۆم بپرسم، بۆ کام شوێن هەنگاو دەنێم
هەنگاوێک به ئەسپایی و
دوایەش هەنگاوێکی دی
زۆر خۆش دەبێ که بزانم چ دەبێ

کاتێک پیاو بۆئەولایە دەڕوا، واخۆی دەیەوێ
دەبێ بتوانم لە خۆم بپرسم: من کێم ؟
بۆچی وادەکەم کە دەیکەم ؟
ناتوانم درگای ژیان لە خۆم داخەم و
ژیان لە دەرەوە چاوەڕوانم بێ
وا لە هەموو لایەکەوە بانگم دەکەن
ئاوا وەڵام ئەدەمەوە:
چرکەیەک ڕاوێستن!
ئەمڕۆ لەگەڵ دەنگی خۆم دەڕۆم
ئەمڕۆ " سەگی " هیچ کەس نیم
هەنگاوێک بە ئەسپایی و
دوایەش هەنگاوێکی دی
زۆر خۆش دەبێ کە بزانم چ دەبێ
کاتێک پیاو بۆ ئەولایە دەڕوا کە خۆی دەیەوێ

ڕەحمان سۆفی / سوێد